# ساماڵبوونەوە

ئیدریس عەلی



که هاتی
درەختەکان رۆشنبوونەوە
هەتاو یەکبینە داگیرسا
پە نجەرە کەوتە سەر گازەرای نور
پاسارییەکان چپەیەکیان بۆ یەکتر کردوو
ئیتر دایانە قاقای جریوە..
کەهاتی
باران تادەرکی حەوشە لەگەڵتا هات
پێکەوە.. کەوتنە زەنگ لێدان بۆ عیشق
کەوتنە.. چاوبڕکێ لەگەڵ چاوەڕوانی
کەوتنە.. گێڕانەوەی دووری
پێکەوە.. خۆتان تەنیایی شاردەوە
ئەمەندە بەرووی مەرگەوە پێکەنین
ئیتر نامەکانی باخەڵتان تەڕ بوون..
پێکەوە لەکونی سینەوە تەماشای دڵتان کرد
که یەکبەخۆ خەریکە هەڵبفڕێت،
خەریکە دیق بکات بۆ سەفەر
خەریکە لەداخی تەنهایی بێتە دەر..!
کەهاتی
رەنگێکیتر لەباخچەکەمان روا
بۆنێکیتر هەڵیکرد
سێبەرێکی فێنکتر
خۆی کرد بە ژێر درەختەکانا!
هەرکە دێیت ئیتر من یەکپارچە
ساماڵ دەبمەوە
سەرانسەر خۆشیی دامدەگرێت

هەستەکەم ئیتر بوومەتە هاوڕێی سێو
بوومەتە دۆستی گیانی بە گیانی چۆلەکە
بوومەتە وارسی شەرعی هەتاو
تامی ژیانم گرتووە
بوومەتە پیانۆژەنی باران
بومەتە حیکایە تخوانی زەریا..!
هەست ئەکەم وام لەگەڵەری گوڵەکانا
تەماشای ڕەنگ دەکەم.. لەفڕین ئەڕوانم
سوێند ئەخۆم بە نمەی ڕژاوی ئەشك
سوێند ئەخۆم بەمناڵیی باران
بە پە پولەیەکی وشك هەڵاتوو
بەفەوزای شارە مێرولەیەك
بەشەقەی باڵی کۆتر.. سوێند ئەخۆم
بەگەرمایی ژێر باڵی لەق لەق..
سوێند ئەخۆم بە بەیانیەکی هاوین
بەشیلەی جێماوی هە نجیر لەسەر پە نجەی پە پولەیەك،
ئەگەر نەیەیت..ئەگەر درەختەکان ڕۆشن نەکەیتەوە
ئەگەر پە نجەرە نەخەیتە سەر گازەرەی نوور..
دەست دەنێمە بناگوێم
بەدەنگی بەرز گریان دەگێڕمەوە
لەشیعرێکدا باسی دڵتەنگی دەکەم
توڕەیی دامدەگرێت جگەرەیەك پێدەکەم
ئیتر لەداخا دەچمەوە پۆلی دووەمی سەرەتایی
دەست ئەکەم بەجانتای کچەکانا
بەینی ئازادو نەسرین تێك ئەدەم
فیتنەیی دەکەمە پیشە
نەخشەی جوگرافیا ئەشێوێنم
مێژووی میللەتان ئەسڕمەوە
بەرگی کتێبەکان ڕەش ئەکەمەوە
قوڕ ئەدەم لە ریحلەکان.. تف ئەکەمە ژووری مودیر،

لە پشتەوە زمان لەماموستای ئاین دەردێنم
بەکلۆیەك خەڵوز وێنەی دڵێك لەسەر تەختە ڕەش دەكێشم
دڵێك زەخمار بەمناڵیی
كون كون بەسەفەر
لەتو پەت بەعیشق..
بەسەرخۆشی ئەچمە باخی گشتی
قیژەیەك ئەكەم چۆلەكە بەسەر درەختەوە نەمێنێ
بەرد ئەگرمە دەرگای مزگەوت
بە "با" ئەڵێم
كڵاوەكەی باوكم بڕفێنێ!
نیشتمان فێر ئەكەم
ئەسپە شۆڕشگێڕەكانی بگلێنێ
دایكم هان ئەیەم ئاوی ئینجانەكان نەدات
دەست بۆ مەمكی هەنار ئەبەم.. تەنورەی بەفر هەڵئەدەمەوە
پەیژەیەك لەدەفتەری وێنەكەدا دەردێنم.. پەیژەیەكی لارو وێر
بە هەتاودا سەردەكەومە سەربان
تەماشای ماڵی دراوسێكان ئەكەم،
گوێ لەچپ‌و هوڕی خواو تەنهایی ئەگرم
دەچمە سەر دارتوەكەی حەوشە
چلكە ئەكەم بەكونی زەردەواڵەكانا
زیڕە لەمناڵانی گەڕەك هەڵدەسێنم
مێرولە هان ئەیەم شارێكی شەڕانی
لەژوری نووستنی عیشقا درووست بكەن،
دەچمە ژێر هاژەی تاریكی
بیر لەتۆ دەكەمەوە.. تۆ
كە ئیتر نایەیت‌و نامبینی چۆن لەخەفەتا
چۆڕێكم ماوەتەوە..
نامبینی كە چۆن تەنهایی دڵۆپ دڵۆپ وردی كردووم
شیعر دێڕ دێڕ مەست كردوم‌و
یەكجار لەعیشق چومەتەوە.

ئەگەر بێیت بەخۆم نییە

بەبێ هۆ گۆرانیم دێت

شیعرم تێدەڕژێت

ئەوینم لێدەتکێت،

هەستەکەم کەئیتر وەك چۆلەکەیەك دڵشادم

منالیی توند باوەشم پیادەکاو

ناهێڵێ ئیتر دوورتر برۆم بۆ گەورەبوون

ئیتر ناهێڵێ درەنگتر بێمەوە لای عیشق..

ئەگەر بێیت.. تۆ ئەگەر بێیت

لەنوکەوە ( زۆربا )ت بۆ دەگێڕمەوە

دەست ئەکەم بە خوێندنەوەی

( عەشق ) ی بەختیار عەلی

ئێوارانی مۆزەفین تەرك ئەکەم

ئیتر لەبری پێکەنینەکی "کامۆ"

گوێ لەبێدەنگی تۆ دەگرم

لەبری چارەکە کچەکەی " کاوە"

قاپێك لە لێوی تۆ دەخۆمەوە

ئەگەر بێیت سوێند ئەخۆم

سەرلەنوێ رۆشن ئەبمەوە

سەرلەنوێ تێئەچمەوە منالی

ئەبمەوە بەتاڵێك رێحانەی ناو پەرداخێك ئاو

ئیتر بەیانیان لە پەنجەرەوە تەماشای هەتاو ئەکەم،

ئەبم بە باڵێکی کۆتر.. سەعی لەفڕینا ئەکەم

ئەبم بەکلۆیەك تەباشیری نێو پەنجەکانی مریەم

بەرەنگی پەمەیی لەسەر دیوارەکان ئەنووسم:

بژی شۆڕش..!

ئەبمەوە بەسەربازە بزێوەکەی

نێو بەرەکانی جەنگی عەشق.

ئەگەر بێی سوێند ئەخۆم

یەکپارچە ساماڵ ئەبمەوە

لەسەری دێڕەوە ئەژێمەوە
منالێی وەك كۆلانێكی خۆلاوی دێتەوە ناومەوە
ئیتر ناهێڵێ لەخۆم دوور كەومەوە.